هەڵگوڕد

ژمارە (٢٧)
شەممە ٢٠٠٧/١١/١٧

مەلا حەسەن بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی چۆمان: ناتوانم بودجەکەت پێبڵێم بەڵام بودجەمان دیاریکراوە و بەشی هەموو مەڵبەندە لەگەڵ کۆمیتە و تەواوی بەشەکانی تر، بە کرێ ی خانوو نەسریەکان و میوا نخانەو هەموو شتێك، هیچی زیادەمان نییە تا لاف و گەزافی پێبدەین

مەلا حەسەن قادر لە ساڵی ١٩٦١ ەوە پێشمەرگەیە، جێگری لقی عەسکەری بووە لە شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٦٣ و ئەندامی ناوچە بووە تا ساڵی ١٩٦٧، لە ١٩٧٥ەوە یەکێتییە، لە ناو یەکێتی ئەم پۆستانەی بینیوە (ئامیری بەتالیۆنی ٤٧ی هەڵگوڕد، ئامیر فەوجی قەندیل، جێگری هێزی ١٢ی سۆران، بەرپرسی کۆمیتە، ئەندام مەڵبەند، کارگێر مەڵبەند، دوا پۆستیش بەرپرسی مەڵبەندی چۆمان کە ساڵی پار لە مەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی بەدەست هێنا)

■سازدانی: کەمال چۆمانی

بۆ ئاگادار بوون لە ڕەوشی هەنووکەی یەکێتی نیشتیمانی بەگشتی و دەڤەری باڵەکایەتی، هەڵگوڕد بەپێویستی زانی دوای تێپەڕبوونی ساڵێك زیاتر بەسەر کرانەوەی مەڵبەندێکی نوێ لە چۆمان چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (مەلا حەسەن) بەرپرسی مەڵبەندی(٣٧)ی ڕێکخستنی چۆمان سازبدات.

هەڵگوڕد: نزیکەی ساڵێك تێپەڕ دەبێت بەسەر کردنەوەی مەڵبەندی ٣٧ی چۆمان، دەکرێت بزانین ئەم مەڵبەندە چ گۆڕانکاری و ستراتیژی بۆ یەکێتی دروست کرد لەو دەڤەرەدا، ئەی خودی هەڵبژاردنەکە وەك پێشبینی دەکرا کە گۆڕانکاری بنیات بنێت، تا چەند توانی ئەم گۆڕانکاریانە بنیات بنێت؟

مەلا حەسەن: جەنابت باش دەزانی هەڵبژاردنەکە کێشەی تێدا بوو، پاش دروستبوونی مەڵبەند گشتمان هەوڵماندا چارەسەری تەواوی کێشەکان بکەین و ئێستاش زۆربەی کێشەکان چارەسەر کراون و زۆربەمان وەك برا کار دەکەین، گۆڕانکاری زۆر بووە، زۆربەی ڕێکخستنەکان دروست بوونەو کێشەیان لەنێو نەماوە، ئێستا نزیکەی ٤٠٠ ئەندامی ترمان ڕێکخستووە و لێژنەش پێکهاتووە بۆ ئەوەی بکرێتە لیست و بەرزبکرێتەوە و بدرێتە مەکتەبی ڕێکخستن، توانیویشمانە چەندان کەس بە پۆلیس و ئاساییش دابمەزرێنین بارەگای حەساڕۆست دروست بکەین و ئێستاش خەریکی کرینی بینایەی کۆمیتەی قەسرێ و حاجی ئۆمەران و چۆمانین ئەمە جگە لە چارەسەرکردنی چەندان کێشەی کۆمەڵایەتی کە نامەوێت لێرە ناوەکانیان بهێنم، پرۆژەکانمان زۆر بوونە بەڵام ئێمە ناتوانین لێرە جێبەجێیان بکەین چونکە ئەو ئیدارەیە ئیدارەی خۆمان نەبووە، بەنمونە لە دۆڵی ڕۆست و باڵەییان و چۆمانیش پرۆژەمان هەبووە بەڵام لەبەرئەوەی ئیدارەی خۆمان نەبووە نەتوانراوە چارەیان بکرێت، وە ئێستاش پرۆژەمان پێشکەشی سەرووی خۆمان کردووە بۆ دروستکردنی چەندان پرۆژەی لە شێوەی نەخۆشخانە و قوتابخانە و مزگەوت و ڕێگە و بان و زۆر شتی تریش، وە چەندین نوسراومان هەیە کە داوای کردنەوەی لقی شەهیدان و ناوەندی کۆمەڵایەتی و سەنتەری گەنجانمان کردووە بەڵام هێشتا وەڵامەکانمان بەدەست نەگەیشتوە.

هەڵگوڕد: بەر لە هاتنەوەی یەکێتی، یەکێتی زۆر بەهێزتر بوو لە ئێستا، دەکرێت ئەو هۆکارانە بزانین کە نفوسی یەکێتی لەم دەڤەرەدا لە کورتی دا لەکاتێکدا وا چاوەڕێ دەکرا کە نفوسی زیاتر بکات؟

مەلا حەسەن: بەڕای من وانییە لە کورتی نەدایە بەڵکو بەرەو زیاتر ڕۆیشتووە نەك بەرەو کەمی.

هەڵگوڕد: خەڵکێکی زۆر گلەیی لە یەکێتی دەکات و گازاندەی زۆریان لێی هەیە، خەڵکەکەش مافی خۆیانە چونکە سەردەمێك قوربانیان بۆی داوە، کەچی تا ئێستا یەکێتی وەڵامێکی ئیجابیانەی خەڵکەکەی نەداوەتەوە؟

مەلا حەسەن: ئێمە میزانیەکی دیاری کراومان هەبووە، میزانیەشمان لەگەڵ پارتی جیاواز بووە، ئێمەش لێرە ئیدارەی خۆمان نەبوە، مومکین نییە یەکێتی بتوانێت ئەو شتانە جێبەجێبکات چونکە ئیدارەی خۆی نەبووە، هەر کەسەو میزانیەی خۆی هەبووە.

هەڵگوڕد: ئێوە تا ئێستا پرۆژەی جیددیتان نەبووە لەو دەڤەرە ، دەکرێت هەندێك لەو پرۆژانەم پێبڵێیت کەکەمێك جددی بووبن؟

مەلا حەسەن: پرۆژەکان زۆریان نەکران، ئێمە پرۆژەی زۆرمان هەبووە و زۆریشمان داوا کردووە بەڵام جێبەجێنەکران، ئێمە هەر لەسەرەتادا چەندین پرۆژمان هەبووە وەك و ئاوو کارەبا و دروستکردنی هۆڵ و جادەی ڕۆست و زۆر پرۆژەی تریش بەڵام نەتوانرا جێبەجێبکرێن.

هەڵگوڕد: ئەی بۆ توانیتان تەکیەی شێخ بکەن؟

مەلا حەسەن: ئەوە کاتی خۆی لە ڕێ ی قائیمقامیەت و محافیزی هەولێر کرابوو ئەوکات نەکرابوو بەڵام ئێمە نوێمان کردەوە و هەر لەڕێی ئیدارەی ئێرەوەش کرا.

هەڵگوڕد: لەم ماوەیەدا کێشەیەکتان هەبوو لەگەڵ کەسێکی هاوڵاتی کە کاری بۆ تۆژەنکردنەوەی مەڵبەندتان کردبوو، کێشەکەش درا بە داداگاو لەسەرێکەوە جۆرێك لە پرۆسەیەکی دیموکراتیتان نیشان دا کە چوونە بەردەم دادگا بەڵام ئایا یەکێتی ئەوەندە فەقیرە نەتوانێت ٤٥٠,٠٠٠ دیناری کەسێکی پێنەدرێتەوە؟

مەلا حەسەن: ئێمە چاودێرێکمان دانابوو لەسەر خانووەکە ئەو تەواوی پارەکەی داوە بە وەستاکە، ئەمە جگە لەوەش ئێمە پێشتریش پارەمان دابوو بە چاودێرەکە ئەو بە دڵنیایی پارەکەی داوەتێ، ئەگەر نەشیداوەتێ ئەوەتا دادگا هەیە ئێمە دەڵێین با سوێند بخوات و پارەکەی دەدەینەوە.

هەڵگوڕد: دەکرێت بودجەی مەڵبەند بزانین؟

مەلا حەسەن: بودجەمان دیاریکراوە و بەشی هەموو مەڵبەندە لەگەڵ کۆمیتە و تەواوی بەشەکانی تر، بە کرێ ی خانوو نەسریەکان و میوانخانەو هەموو شتێك، هیچی زیادەمان نییە تا لاف و گەزافی پێ لێبدەین.

هەڵگوڕد: دەگوترێت بودجەتان زیاتر لە سی ملیۆنە، پێتان وانیە بەرامبەر ئەو سی ملیۆنە ئێوە گەلێك کەم تەرخەمن؟

مەلا حەسەن: شتی وا بوونی نییە، چونکو ئێمە چوار کۆمیتەمان هەیە، هەر کۆمیتەی لە ملیۆنێك دینار زیاتر وەردەگرێت، هەموو پارەکەش بە سیستەم دابەش دەکرێت، کەس ناتوانێن دینارێك وون بکات.

هەڵگوڕد: ئێوە چەند بەشێکتان هەیە ئەو بەشانە وەك پێویست بەکاری خۆیان هەڵناسن ئێوە نە ڕێکخستن، نە ڕاگەیاندن، نە چالاکی و نە پرۆژەشتان هەیە؟

مەلا حەسەن: ئەوەی دەڵێن وانیە هەموویان بەکاری خۆیان هەڵساون، ئەوەی بۆشیان دیاریکراوە جێبەجێ ی دەکەن، ئامار ئیشی خۆی دەکات، چاودێری بەهەمان شێوە ڕێکخست و ڕاگەیاندن و تەواوی بەشەکانی تریش بەهەمان شێوە و هیچ کەمتەرخەمیەکیش نییە.

هەڵگوڕد: مەڵبەندی چۆمان بۆ تا ئێستا ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی نییە؟

مەلا حەسەن: پێشتر وەڵامتم داوە، تا ئێستا بۆیان نەکردووین، چەند جار داوامان کردووە بەڵام تا ئێستا نەبووە.

هەڵگوڕد: ئایا تەکەتول ماوە لەناو مەڵبەندەکەی ئێوەدا، ئەی گەر نەماوە بۆ تا ئێستا چەند جارێك شەڕە قسە لە نێوانتان ڕوویداوە؟

مەلا حەسەن: تەکەتول لەناو مەڵبەندی ئێمە نەماوە، گەر خەڵکی لا بەلاش قسە بکات وانییە تەنها قسەی خەڵکە و هیچی تر، هەموومان وەك برایان ئیشدەکەین نۆتەی تەکەتول لەناو مەڵبەندمان نەماوە.

هەڵگوڕد: وا یەکێتی بەرەو کۆنگرە دەڕوات بەو پێیەی چۆمانیش ناوچەیەکی فراوانە، ئێوە چۆن دەروانن کۆنگرەکە و پرۆژەتان چییە؟

مەلا حەسەن: ئێمە پێش دەستکردن بە کۆنگرە پرۆژەی خۆمان هەیە ئەوەش لەئەنجامی مناقەشەی خۆمانەوە کە تەواوی پەیرەو و پرۆگرامیشمان دیراسە کردووە، شتی گرنگیشمان نوسیوەتەوە بۆ سەرووی خۆمان و پرۆژەی گرنگیشمان هەیە.

هەڵگوڕد: کەسێکتان هەیە وەك و باڵەکایەتی بۆ ئەوەی هەوڵی بۆ بدەن و بیگەیەنن سەرکردایەتی؟

مەلا حەسەن: هەوڵمان هەیە و داواشمان کردووە بەڵام زیاتر لەسەر ئەساسی محافەزە ئەو شتە دەکەین، خوازیارین غەدرمان لێنەکرێت بۆ سەرکردایەتی.

هەڵگوڕد: یەکێتی لە شاخ دا بەوە ناسرا بووە کە حزبێکی فکری و لەمەمان کاتیش تەنزیمیەکی بەهێزە پێتان وانییە ئەمە ئێستا لەناو یەکێتی غیابە؟

مەلا حەسەن: هەموومان هەوڵ دەدەین یەکێتی بەرەو چاکسازی بڕوات، ئەو کێشانەش چارەسەر دەکەین کە دێنە ڕێگامان، وە ئەو هەوڵانەش بەردەوامن و وا لەسەرەوەش هەوڵی بۆ دەدرێت،بەتایبەت بەڕێز مام جەلال کە دەوری سەرەکی هەیە بۆ دروستکردن و زیندوکردنەوەی پردی نێوان فکر و تەنزیم.

هەڵگوڕد: ئیجابیات و سلبیاتەکانی کردنەوەی مەڵبەندە نوێیەکان و زیاددبوونی مەڵبەندەکان چی بوو؟

مەلا حەسەن : لەناو مەڵبەندەکان ئەو کێشەیە هەیە و ئەو مەوزوعەش لە کۆنگرە باسدەکرێت، بەڵام تا کۆنگرە دەستکاری هیچ مەڵبەندێك ناکرێت.

هەڵگوڕد: بارودۆخی یەکێتی پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن چۆن دەبینی؟

مەلا حەسەن: بەڕای من ئێستا باشترە چونکە ڕێکخستنەکانمان زۆر زیادی کردووە نەك کەمی کردبێت.

هەڵگوڕد: پەیوەندیتان لەگەڵ دام و دەزگا حکومی و حیزبییەکانی ئێرە چۆنە؟

مەلا حەسەن: ئێستا پەیوەندییەکانمان زۆر باشن بەتایبەت دوای ئیتتیفاقییەکە، بەردەوامیشین لە کۆبوونەوە و ئیتتیفاقییەکەش لە مەسلەحەتی کوردە.

هەڵگوڕد: تۆ کەسێکیت لە باڵی کۆسرەت ڕەسولیت، پێشتر ئاسایی بوو گەر تەکولاتت کردبێت، بەڵام بۆ تا ئێستاش ئەو تەکەتولاتە کاڵنەبۆتەوە؟

مەلا حەسەن: من پێم وایە کاك کۆسرەت زۆر نزیکە لە بەڕێز مام جەلال، جێگەی ئەوە نییە کە خەڵك هیچ فکرێك لە پەیوەندییان بکات، ئێستا نزیکتریشە وە کاك کۆسرەت لەهەموو کۆبوونەوەکان دەڵێت ڕەئیمان یەك ڕەئییە.

هەڵگوڕد: باڵی ریفۆرم بۆ لەناو مەڵبەندی چۆمان نییە لەکاتێکدا جیددی ترین باڵی ناو هێڵەکانی یەکێتییە؟

مەلا حەسەن: ئێمە بیر لە گۆڕان دەکەینەوە و هیچ باڵێك نەماوە تەنها ئیش بۆ سەروەری یەکێتی و سەروەری کوردستان دەکەین.

هەڵگوڕد: گوایە تۆ کوڕو کچ و خێزانەکانیشت هەمووی تەعینن ئەمە تا چەند ڕاستە؟

مەلا حەسەن: ئەمە دوورە لە ڕاستیەوە من تا ئێستا پاسەوانەکانی خۆشم بۆ دانەمەزراون هەتا هەڤاڵەکانی تریش لە مەڵبەند پاسەوانی تایبەتی تەواویان نییە، چەند لێپرسراو کۆمیتەیەکیش هەن تا ئێستا پاسەوانییان نییە.

هەڵگوڕد: گوایە ئێوە لەسەر هەموو شتێك ناکۆکن پارە نەبێت؟

مەلا حەسەن: ئەمە دوورە لە ڕاستییەوە چونکە پارەمان مەحدودەو کەس ناتوانێت تەنها دینارێکیش وون بکات، هیچ جارێك کێشەی پارەمان نەبوە ئەوە ئیدیعای ناحەزانە.

"لە دۆڵی ڕۆست و باڵەییان و چۆمانیش پرۆژەمان هەبووە بەڵام لەبەرئەوەی ئیدارەی خۆمان نەبووە نەتوانراوە چارەیان بکرێت"

"بودجەمان سی ملیۆن نییە"

"خوازیارین غەدرمان لێنەکرێت بۆ سەرکردایەتی ئەندامێکمان هەبێت"

" تەکەتول لەناو مەڵبەندی ئێمە نەماوە، گەر خەڵکی لا بەلاش قسە بکات وانییە تەنها قسەی خەڵکە و هیچی تر، هەموومان وەك برا ئیشدەکەین نۆتەی تەکەتول لەناو مەڵبەندمان نەماوە"

" تا کۆنگرە دەستکاری هیچ مەڵبەندێك ناکرێت"

"بەڕای من نفوسی یەکێتی لەو دەڤەرەدا لەکورتی نەدایە، بەرەو زیادەیە"